# کارەساتەکانمان لە میتافۆرێکی زمانییەوە بۆ سەرمایەیەکی رەمزی ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

خەونی بەدەوڵەتبوونی کوردو وەرگرتنی پۆستە سیادیە بەرزو باڵاکان و تێکەڵاوبونی تاکی کوردی بە داتاکانی کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسی و خۆراهێنان لە سەر چەمکە دەوڵەتی و مەدەنیەکان، نابێت تەنها لەو روانگەیەوە پێناسە بکرێن کە ئەم دەستکەوتانە بەری رەنجی قوربانیەکان و هەبونی حیکایەتە سەختەکانی خەباتی چەکداری و شاخە ئەگەرچی ئەمانە راستی حاشا هەڵنەگرن وەلێ کوردو دەسەڵاتەکەی لەم قۆناغە هەستیارەدا ئەبێت ئیش لەسەر حیکایەت و خەباتێکی تر بکەن کە دەمارەکانی تازەن و ناچنەوە سەر ریشاڵەکانی رابردوو، ئەمە مانای تەڵاقدانی سەروەری و مێژووەکانی رابردوو نیە ئەوەندەی خۆ نیکاحکردن و گرێدانمانە بە ئێستاو داهاتووەوە کە تاچ رادەیەك ئەتوانین دەست و پەنجەمان لەگەڵ دەوڵەتێکی تەئریخی خاوەن شارستانیەتی بابلی و سۆمەری و میزۆپۆتامیاو دوو روباردا نەرم و گەرم بکەین، دەوڵەتێکی مەزنی فرە کاڵچەرو ئەتنیك و مەزهەب و ئاین و ئاینزاو عەشیرەت وتیرە هەمە چەشنەکانی وەکو عێراق بۆ کورد سیادەکردن و هەبونی پۆستی جێنتڵمانیانە ئەگەرچی شایانی لێوردبونەوەوشانازی نەتەوەیی گەورەیە، بەڵام سیحری ئەم شانازییە نابێت کۆی کارەسات و یادەوەری بریندارو تراژیدیاکانمان لەو قاڵبە تەقلیدیە نۆستالیجیە رابگرێت،ئەبێت ئەرکی کوردو دەسەڵاتەکەی گواستنەوەی ماناکانی کارەسات بێت لە ماناو تێگەشتنێکی حیزبی و ئایدۆلۆژییەوە بۆ مانایەکی دەوڵەتیانە، بە مانایەکی تر گۆرینی روئیایەکی خێڵەکی و لۆکاڵیانە بۆ بەرجەستەکردنی روئیایەکی شاریانەی مۆدێرن و گلۆباڵ کە بە یاساو دەستورە دەوڵەتیە نەگۆرەکان بەگشتی بکرێن و یاسارێژیان بۆ بکرێت تا لە میتافۆرێکی زمانیەوە بیانکەینە سەرمایەیەکی بەنرخی نەتەوەیی و چیتر تراژیدیاکانی وەکو هەڵەبجەو ئەنفال قەتیس نەبێت لە ناو زمان و یادەوەری برینداری خۆماندا وەك هەموومان ئەزانین هێشتا کارەساتی کوردی لە قاڵب و گوتارێکی عاتیفیانەدا ئەسورێتەوە و هێشتا ئەوە زمان و گریان و سۆزە کە ناهێڵێت بیر بچنەوەو بەرواری کارەساتەکانمان ئەهێنێتە قسە نەك یاسایەکی دەوڵەتیانە،هەروەك چۆن ئەو قسەکردنە زیاتر قسەکردنی جوزئی بوەو مانای حەقیقیانەی خۆی پێنەدراوە، هەروەك چۆن جووەکان هۆلۆکۆست و یابان هێرۆشیماو ناکازاکی و ئەرمەنستان قەتڵوعامی ئەرمەن لەلایەن تورك و عوسمانلییەوە لەبیرناکەن و لە وولاتی خۆیاندا کردویانەتە یاساو بەبەندی قانونیانە بەرجەستەی ئەکەن و لە هەموو جیهانیشدا وەك رەمزو سومبول تەماشایان ئەکرێت و هەر ساتەوەختێك لە باریدا هەیە کە خۆی نمایش بکات و وەکو کارەساتێکی زیندوو سەرمایەگوزارییان پێوە بکرێت، لێرەوە ئەو ئەرکەی کە دروست ئەبێت وەگرنگە کاری بۆ بکرێت بە سومبولکردنی ئەو کارەساتانەی کوردە ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی نەتەوەیی هەیە،پرۆژەیەك لە یەك کاتدا پێمان ئەڵێت ئێمەکار بۆ عێراقی یەکگرتوو بکەین هەمانکات بەنەفەسێکی کوردانەشەوە لە بەغداوە پەیامی سیستماتیزەی گوتاری کوردی تۆخ بکەینەوە تا ئاستی خۆناساندن بەو شەقامە عەرەبیەی کە تائێستاش نایەوێت کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بخاتە ئەستۆی بەعس ومەهزەلەی دێت بە رێژەی قوربانیەکان لەبەر ئەوەی تائێستا ئەو کارەساتانە نەبونەتە دیکۆمێنتارو نەچەسپیون لە گوتارو ئەجێندایەکی دەوڵەتیدا و ئەم کارەش گەر وابمێنێتەوە ئەوا کارایییەکەی تا سەر روپەری رۆژنامەیەك کارناکات و هەموو لەحزەیەك شایانی بیرچونەوەن،چونکە لەلایەك یادەوەریەکانی ئەم کارەساتانە ئەوەتان لە زارو بیری شەفەهیانەی نەوەیەکدا کە بەپیربوون و نەمانیان خۆبەخۆ یادەوەریەکانیش لە ناو ئەچن و لەلایەکی ترەوە نەبونەتە سەرمایەی رەمزی و نوسراوی رەسمی کە دەوڵەت قانونەن بە بریارێك بیسەلمێنێت، یان نەغمەیەکی شۆڤێنی عەرەبی هەیە تائێستا نایەوێت بزانێت کورد نەتەوەی دووەم و زمانی دووەمەو لە خاکی رەسەنی خۆیدایەو نابێت بە میوان حساب بکرێت و وە ئەم زمانەش وەك میکانیزمی ئاخاوتن و میدیاو نوسراو ئەبێت لە دادگاو راگەیاندن و فەرمانگەکانی عەرەبنشیندا کاری پێبکرێت، وە هەمیشە خەون بەو کیانەی خۆیەوە ئەبینێت کە خۆی حاکمیەتی موتڵەقە تیایدا و هەرگیز کورد کەمینە نیەو ناشبێت وەکو کەمینە حسابی بۆ بکرێت بەڵکو زۆرینەی خاك و نیشتیمانی خۆیەتی و دەشێت دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی 30 کانونیش ئەو تێزە زیاتر بەرجەستە بکات و بیچەسپێنێت، وە هەر ئەو دەرەنجامەش ئەتوانێت لەدەستوری هەمیشەیدا وەك دەنگی بەرجەستەی کورد کاربکات بۆ ئەوەی لە عێراقدا زەمانی دەستوریمان هەبێت و بتوانین لە داهاتوودا سود لە تراژیدیاکانمان وەربگرین و بەردەوام وەك کەرەستەو سەرمایەیەکی نەتەوەیی لێیان

بروانین و غافڵ نەبین لە هەر خەمساردیەك بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبوی زیانەکان بە هەردووباری مەعنەوی و مادیدا، واتە هەم سیاسی هەم ئابوری، ئەمەش دەلالەتی هۆشیاری سیاسی ئێمە دەر ئەخات.بەڵام ئایا ئێمەی کورد لەو بەغدایەی کە چەند رۆژێکی تر پۆستە سیادی وحەساسەکانی تیادا وەر ئەگرین ئەتوانین خەون و عەقڵی حیزبی وەلابخەین بۆ خەون و عەقڵی دەوڵەوتیانە و بەکردەوە بکەوینە خۆ بۆ بەئامانجگەیاندنی تێزە نەتەوەییەکانمان بەرەو کیانی سیاسی سەربەخۆ ؟